Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris
Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.03 02:26:40 +01'00'

## سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

## کردەوەی ترۆریستی یەکەم ڕۆژی جێژنی قوربان لەهەولێر مەحکوم دەکا

---

جارێکی دیکە ترۆریستانی دڕندەخوو و مرۆڤ کوژ و کۆکوژ، ئەوانەی پێ بەندی هیچ بیرو بەرنامەیێکی ئینسانی نین کارەساتی دڵتەزێن و تاوانێکی گەورەیان خستە سەر هەزاران تاوانی دڕندانەیان. بەداخەوە لەشاری هەولێر پێیتەختی کوردستانی ئازاد، یەکەم ڕۆژی جێژنی قوربانی پیرۆز ترۆریستە چارە ڕەشە دڵ ڕەشەکان لەیەك کاتدا لە بنکەی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئەو دوو جێگە پڕبوون لە خەڵکی کەبۆ جێژنە پیرۆزە هاتبوون، تەقینەوەیێکی ئینتحاریان لەناو بەندی ئەو جەماوەرەدا ئەنجام داو دەیان کەسی تێدا شەهید و بریندار بوون کە ژمارەیێك لە بەرپرسانی پارتی دیموکرات و حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەندین کەس لە بەرپرسان و ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی و هاو ولاتیانی تێدا شەهید بوون و ژمارەیێکی زۆریش بریندار بوون. گومان لەوەدا نیە کە ئەو کردەوە ترۆریستیانە لەدژی ئازادی و دیموکراسی و لەدژی دامەزراوییە حکومەتیەکانە لە کوردستان دا و بەتایبەت دژایەتیە لەگەڵ هەوڵی هێزە سیاسیەکان و جەماوەری کوردستانی عێراق بۆ دابین کردنی ویستە لەمێژینە ڕەواکانیان لە نیشتمانی دێرینیان دا کە سەدان هەزار شەهیدیان لەپێناودا داوە.

ئەو کردەوە ترۆریستیە لەدژی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی لەیەك زەمان و لەڕۆژی جێژنی قوربان و لەناو ئەو جەماوەرە کە بۆ ڕێز لێنان لە گەورەترین جێژن کۆبوونەوە، دەگەیێنێ کە ئەو ترۆریستانە و داڕێژەرانی ئەو تاوانە دژمن بە ئازادی و دژمن بە کوردستان و دژمن بە گەلی کوردن و هیچ بایەخێك بۆ ئیسلام و شەعایر و بەرنامەکانی دانانێن.

سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران، ئەو کردەوە دڕندانە و ئەو تاوانە گەورە بەتوندی مەحکوم دەکا و باوەڕی وایە کە کوردستان بەرەو ئامانجی پیرۆزی خۆی دەڕوا و بەو پیلانانە کاری دوا ناکەوێ.

پشت بەخودا و یەك ڕیزی هەموو هێزە سیاسیەکان و پشتیوانی جەماوەر، گەلی کورد لە زیللەتی ژێر دەستی لاوە ڕزگار بووە بۆ هەتا هەتایە. سازمانی خەبات بەو بۆنە دڵتەزێنەوە سەرەخۆشی دەکا لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کەس وکاری شەهیدان و هەموو کوردێك لە کوردستانی ئازاد دا.

مەرگ و چارە ڕەشی بۆ دژمنانی ئازادی و بۆ ترۆریستانی دڵڕەش و دڕندەخوو.

**سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران**

**(خەبات)**

**١٣ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ کۆچی خۆری**

**٢ی شوباتی ٢٠٠٤ زایینی**